# بۆچی لەگەڵ بەشداریکردنم لە هەڵبژاردن ؟

## ((بابەتێك بۆ گفتو گۆو قسە لەسەر کردن ))

بەشی دووەم

عەلی مەحمود محەمەد

## چەپ و ترس لە هەڵبژاردن

چەپەکان لە هەموو باڵە فکرییەکانی دیکە زیاتر نا ڕونییەك لە گوتاری سیاسییان هەیە , لەسەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردن , هەرچەندە باڵە ڕیفۆرمیستەکەی چەپ , کە لە جیهاندا بە چەپی دیموکراتی یاخود چەپی نوێ ناسراوە , خۆی یەکلاکردۆتەوە لەسەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردن , چوونەتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە , بونە بە بەشێك لە کایەی سیاسی لە وڵاتەکانیان .

لە ژاپۆنەوە بۆ شیلی , لەهەر وڵاتەی دەیان ڕێکخراوی چەپی پەرگێر هەیە , بە واتا پەرستی و دروشمی زەبلاح هیچیان نەهێشتۆتەوە , بەڵام نەبوونە بە بەشێك لە گەمەی سیاسی لە وڵاتەکانیان , نەیانتوانیوە لە هۆڵی پەرلەمانی وڵاتەکانییان ئامادە بن و دوو قسەی خێری بۆ هەژاران تێدا بکەن . جارێ لە قۆناغی شۆڕشی واتا پەرستی و دروشمە زەبلاح و قەبەکانن و خەو بە دکتاتۆری پرۆلیتاریاوە دەبینن .

هەموو دەڵێن پارت و ڕێکخراوو گروپ و بزووتنەوەی دەسەڵاتین , بەڵام خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە چۆن دەگەن بە دەسەڵات , لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە , یاخود لە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتارییەوە .

لە نیپاڵ ماوییەکان هەر لە کەتماندۆ دەرچویتە دەرەوە لە ژێر کۆنترۆلیاندایە , تاکو دەگەیتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای دووری وڵات , 78٪ خاکی وڵات لە ژێر دەسەڵاتی کارگێڕی ئەواندایە, بەڵام ناتوانن دوا پاڵ بە دەسەڵاتەوە بنێن , لە ئەمەریکای لاتین کە بەلانکەی چەپ ناسراوە , هێزە کاراکانی ڕابردوو زۆربە تێکەڵ بە کایە سیاسییەکە بوونە , شانسی خۆیان لە خەباتی چەکداری تاقیکردەوە , ئەوەی بە تفەنگ پێیان نەکراو شکستیان تێیدا هێنا , ئێستا بە کارتی دەنگدان بە دەستی دەهێنن .

ڕوون بوون لەسەر کایەی هەڵبژاردن , کایەی سیاسی بە شێوەی ئاشتیانە , دەستاودەست کردنی دەسەڵات , پێویستی یەکەمە بۆ بزاڤە چەپگەراکان , خەڵك دەبێت بزانێت شەوو ڕۆژ باسی دەسەڵاتی بۆ دەکەیت , چۆن دەگەیت بە دەسەڵات ؟؟, چی لە دەسەڵات دەکەیت ؟ بۆ کوێی دەبەیت ؟, چ قوربێك بۆ ئەو دەگریتەوە بەو ئەزموونەی تاکو ئێستا خۆرەتاو لێی نەداوە .

## گەمەی هەڵبژاردن و دکتاتۆری پرۆلیتاریا

دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات , یەکیان شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی چەکداری و بزاڤی جەماوەری , ئەمەیان جگە لە شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان , لەو وڵاتانەی دەسەڵاتەکانیان هێشتا دەڵەمەیە , تاکو چەند مانگێك لەمەوپێش شانسی سەرکەوتینان هەبوو , بەڵام قیرخیزستان و ئۆزبەکستان ئەو ئاسۆیەیان کوژاندەوە و ڕەنگەکانییان کرد بە خۆڵەمێش.

**دەسەڵات ئەگەر بە دەنگدان بە دەستیەوە بگریت , دەبێت ئامادە بیت بە دەنگدان تەسلیمی بکەیتەوە . ئەگەریش بەخوێن بەدەستییەوە بگریت , بەخوێنیش لێت دەسەنرێتەوە.**

شانسی خەباتی چەکداری و گەیشتن بە دەسەلات لە جیهاندا بەرەو ئاوابوون دەچێت , نیکاراگوا دوا شانس بوو بۆ ئەو تاقیکردنەوانە , ساندیستەکان بە خوێن دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت , بەڵام بە ئاشتی تەسلیمیان کرد , ئەوپەڕی جەسارەتیان لە خۆیان نیشان دا کە مل کەچی ڕای خەڵك بوون , بە خوێن لە دکتاتۆریان سەند , بە ئاشتی تەسلیم جەماوەرییان کرد .

دەسەلات ئەگەر بە دەنگدان بە دەستیەوە بگریت , دەبێت ئامادە بیت بە دەنگدان تەسلیمی بکەیتەوە . ئەگەریش بەخوێن بەدەستییەوە بگریت , بەخوێنیش لێت دەسەنرێتەوە.

چەند بزاڤێکی چەکداری چەپگەرا لە فلیپن و هیندستان و بەنگەلادیش و نیپاڵ و تورکیا و کۆلۆمبیا و فەلەستین و پیرۆی لێ دەرچێت , چەپ لە وڵاتانی دیکە تەسلیم بە کایەی سیاسی بوونە , گروپە پەرە گیرەکانیش ئەوانەی لە دکتاتۆری پرۆلیتاریا کەمتریان ناوێت , خۆیان لە قەرەی تفەنگ و مۆلۆتۆف نادەن , بە پەراوێزکراوی ماونەتەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەپوکێنەوە , لێ لە بەیاننامەکانییان دا ئەوە دەردەکەوێت , گەیشتنیان بە دەسەڵات لە فرسەخ کەمتری ماوە .

## چەپی کوردستان و هەڵبژاردن

لە کوردستان چەپەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە , وەك هەموو وڵاتانی دیکەی جیهان ( پەرگیر و ریفۆرمیست).
پەرگیرەکان لە حککع و ئەوانەی لێی جیابونەتەوە (یەکێتی کۆمۆنیستەکان – پارتی کۆمۆنیزمی چەپی کرێکاری) پێك دێن .
ئەم باڵە تاکو ئێستا هیچ ئەزمونێکیان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن نییە , تەنها ئەزموونە تاڵەکەی شارەوانی سولێمانی حککعی لێ دەرچێت , کە تیایدا ژمارەی دەنگەکانییان نزیك بە چارەکە هەزارێك بوو , ئەو ئەنجامەش هێزی ڕاستەقینەیانی ئاشکرا کرد , ورەی پێیان بەردایەوە , ئەنجامەکەی وەك مار پێیانییەوە دا زریکەی لێیان بەرزکردەوە , وا چاوترسێن بوون بەرامبەر بە سندووقی هەڵبژاردن , جارێکی دیکە بە سانایی دەستی پێدا نەکەنەوە . بۆیە کە ڕەتی دەنگدان دەکەنەوە , زۆری لە چاوترسێنی ڕابردووەوەیە .
ئەم سێ باڵە زۆر باس لە دەسەلات و پارتی دەسەلات دەکەن , بەڵام ڕونییان نەکردۆتەوە بۆ خەڵك کەی و چۆن دەگەن بە دەسەلات ؟؟, ئایا جدیین بۆ گەیشتن پێی , یاخود هەر دروشمە ؟ کە گەیشتن پێی چی لەو خەڵکە دەکەن , حیسابی گاڕانە ئاژەڵی بۆ دەکەن و ئیرادەی پێشێل دەکەن , یاخود سندوقی دەنگدانی بۆ دادەنێن و خۆیان دەخەنە بەر ڕەحمەتی ویستانەوە .
ئەم بزووتنەوانە لە چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسیین , هێزی خۆیان لە ئاهەنگەکانی یەکی ئایار دەبیننەوە , نەك لەو کەسانەی کارتی دەنگدانی بۆ دەکەنە ناو سنوقەکەوە , ئەوەی بەشداری ئاهەنگەکانت دەکات چەپڵەت تەسلیم دەکات , ئەوەی دەنگت بۆ دەدات عەقلێت پێش کەش دەکات .

بەهۆی ئەوەوەی کایەی سیاسی لە جیهان  بەرەو ئاسۆیەك دەڕوات جگە لە کارتی دەنگدان جێگەیەك بۆ بەرد و مۆلۆتۆف و لافیتەو قسەی زل ناهێلێتەوە , بۆیە قسەو دروشمدانی پشت سندووقی دەنگدان هیچ لە کایەکە ناگۆڕێت , وشەیەکی ناو پەرلەمان هەزار چەپلەی دەرەوە دەهێنێت .

چەپی ڕیفۆرمیست , ئەم باڵە حیزبی شیوعی و هەندێك گروپی نا ڕۆشن نوێنەرایەتی دەکەن .

لە سەرەتای کایەی سیاسی لە کوردستاندا حیزبی شیوعی بەشدارە لە هەڵبژاردنەکان  , گەورەترین شانسی دوا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوو کە نزیك 5٪ دەنگەکانی هێنایەوە .

بەهۆی سیاسەتی سەقەتی ئەم حیزبەوە , پاشکۆیەتی بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار  و غایب بوونی لە شەقام , بوونی بە حیزبی کۆبونەوەو ناو بارەگای سارد و سڕ , نەك نەیتوانی کەڵك لە ناڕەزایەتی جەماوەر وەربگرێت , بەڵکە تەواو پشتی لێکردۆتەوە , پارتە دەسەڵاتدارەکانیش بۆ ئەوەی هەموو جدییەتێکی سیاسی لە جەستەدا نەهێڵن بەشداری پێ دەکەن لە کایە سیاسییەکان , بەڵام بە  ڕۆڵێکی پەراوێزییەوە   .

لە هەموو جیهان بەرەکان لە هەڵبژاردندا ڕوونن (چەپ , ڕاست , لیبراڵ... ), بەڵام لە کوردستان چەپ و لیبراڵ ئامادە نین , تاکو ئەم بەرەیەو ئەم دابەش بوونە دروست نەبێت ,  ئاسۆیەك بۆ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بەدی نایات .